عبد الرحمن کوڕی ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- هات ژووەروە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەوم لار کردبووەوە بۆ سەر سینگم، وعبد الرحمن سیواکێکی تەڕی پێ بوو کە سیواکی پێی دەکرد؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی خستە سەر سیواکەکە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عبد الرحمن کوڕی ئەبو بەکری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- هات ژووەروە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەوم لار کردبووەوە بۆ سەر سینگم، وعبد الرحمن سیواکێکی تەڕی پێ بوو کە سیواکی پێی دەکرد؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی خستە سەر سیواکەکە، بۆیە سیواکەکەم هێنا وجاویم وبۆنیم خۆشکرد، ودام بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسیواکی پێی کرد، وهەرگیز پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەبینی بوو بەو شێوە جوان وچاکە سیواک بکات، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەواو بوو لە سیواک کردنەکەی: دەستی بەرز کردەوە -یان پەنجەی بەرز کردەوە-، پاشان فەرمووی: «بۆ لای ئەو زاتەی کە لە سەرەوەیە -سێ جار-»، وعائیشە دەیووت: کاتێک مرد لە باوەشی من بوو (مەبەست پێی نێوان گەدە وگەردنە -مله-).

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسێک دەکات کە ئاماژەی پەیوەست بوون وخۆشەویستی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- بۆ سیواک کردن، ئەویش ئەوەیە عبدالرحمانی کوڕی ئەبوبەکر -ڕەزای خوایان لێبێت- برای عائیشە هاتە ژوورەوە لە کاتی سەرەمەرگی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسیواکێکی تەڕی پێبوو دەیدا لە ددانەکانی. کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیواکەکەی عبدالرحمانی بینی، سەرەڕای نەخۆشی وئازارەکەی چاوی بڕیە سیواکەکە، وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- تێگەیشت؛ بۆیە سیواکەی براکەی هێنا وسەری سیواکەکەی بڕی وپاکی کردەوە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە سیواکی پێی کرد. وعائیشە پێشتر نەیبینی بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوە جوانە سیواک بکات، کاتێک تەواو بوو لە سیواک کردنەکەی، پەنجەی شایەتمانی بەرزەوە کرد، کە ئەمیش ئاماژەیە بۆ تەوحید (یەک خوا پەرستی)، وچوون بۆ لای پەروەردگاری هەڵبژارد، پاش ئەمە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد. وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- شانازی دەکرد بەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک کۆچی دوایی کرد سەری لە سەر سینگی ئەو بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3484